# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
## لە دەرەوەی وڵات 1984-1998

(23) ئەمڕۆی ون: لە نێوان دوێنێ و سبەینێدا
Peyvi Nwe – 3/1991

- ئەوە شەڕەکەش روویدا...

بە پێی راگەیاندنێکی ئەمریکی هەر دەقیقەیەك بۆمبایەك بەسەر عێراقدا دەدرێ.....فرۆکەخانەکان، کارگەکان، کۆشکەکان، دەزگا سەربازییەکان، وەزارەتخانەکان، بارەگاو بنکەکانی بەعس، پردو ڕێگاو بانەکان، تەنانەت خەستەخانەو گەڕەکە خەڵك نشینەکانیش: لەژێر بۆردومانێکی بێ وچان و بێ پسانەوەدان.

ئەوەی ساڵێ لەمەوبەر لە حوکمی چاوەروانیدا نەبوو.. بووا

ئەوەی بەلای زۆر کەسەوە لە سنووری خەونیش دانەبوو، بوو بە راستی

بەغدا چۆڵەو رۆژ بە رۆژ وێران و وێرانتر دەبێ...

بەسرە، دەڵێن بەحاڵ وەك شارماوە. بەغدای پێتەخت کە سەروو خواری، پانایی و بەرزایی، وێنەو پەیکەرو کۆشك و نیشانەی بەرزێتی و هێز و پاڵەوانێتی و عەرەبێتی: صەددامی- صەد دەم و صەد رەنگ و صەد هەوا بوو: بۆتە تارمایی ترس.

بەسرە: کە صەددام بە ئارەقی بەلاشی لەشی هەزاران عێراقی- کوردو عەرەب- دوای( قادسییەکەی) سەر لەنوێ بنیاتی نایەوە: بۆتەوە لانەی کوندە بەبوو.

ئێستا هەموو شتێك دەرمێ، دەڕوخێ، هەرەس دێنێ.

ئێستا ئەوانەی 30 ساڵە بۆمبایان بەسەر کوردا دەباراند، بۆمبایان بەسەردا دەبارێ.

ئەوانەی (30) ساڵە منداڵی کوردیان بێ بەزەیی، بێ بزاڤی هەست و کەرامەتی ئینسانی، خستبووە بەر لێشاوی بۆمب و گوللە و ئاگر ، دەبێ بەتەنگ مناڵەکانی خۆیانەوە بێن..
ئەوانەی بەرامبەر قڕانی کوردو وێران کردنی چوار هەزار شارو دێهاتی کوردستان، ناڵەو هاوارێکیان لێ هەڵنەسا، ئێستا پڕ بەدەم باسی ئینسانییەت و مافی مرۆڤ دەکەن، دیمەنی خانووی رووخاو ئازاریان دەدا!!
ئەوانەی بەرامبەر کوشتنی دەهەزار ژن و منداڵ بە گازی کیمیاوی چاو و دەم و دڵ و ویژدانیان نوقاند، ئێستا دڵ و ویژدانیان ئەوەندە زیت و زیندووە لە هەڵپەڕین و گازندە ناکەوێ؟!
ئەدی ئێمە، ئێمەی کورد، ئێمەی کوژراوو ماڵ وێران کراوو خاك زەوت کراوو گەل دیل کراوو دەربەدەرکراو.

ئێمە، لەم حاڵەتەدا، چۆن هەست دەکەین، چۆن بیردەکەینەوە، چۆن دەڕوانینە رووداوەکان، چۆن لە ئایندە دەڕوانین، چ سبەینێیەك دەخوازین؟! چیمان پێ دەکرێ (واتە خۆمان دەتوانین هیچ بکەین؟) یان چیمان پێ دەکرێ (واتە خەڵکی تر چیمان پێ دەکەن؟).

دیارە، دیسانەوە دوای ئەم کارەساتەی ئێستا، کە تەواوی عێراقی گرتۆتەوە دیسانەوە، سیاسەتمەدارانی بێ سیاسەت، بیرەوانانی بێ بیر، نووسەرانی دووسەر، پێمان دەڵێنەوە: دەبێ عیبرەتی لێ وەربگرین، دەرسی لێ فێر بین؟!

مەرگێکی تر، دەرسێکی تر..

کارەساتێکی تر، عەقڵێکی تر..

بەڵام ئەمجارەیان یا دەرسێکی موتڵەق وەردەگرین، یان هیچ؟!

یان لە هەمووکە حاڵی دەبین، یان لە هیچی تێ ناگەین؟!

یان کۆتایی بە هەموو ئەو جۆرە تاقیکردنەوە کارەساتییانە دێنین، یان دەگەڕێینەوە سەر سفرو بە هەموو مێژووە رەشە حەجاجییە- صەددامیەکەدا تێپەڕ دەبینەوە؟

یان فاشیزم، لە مێژووماندا، لە کەلتوورماندا، لە رەفتارو کردارماندا، لە بیرو گوفتارماندا، بنەبڕ دەکەین، یان فاشیزم دەبێتە زەروو- و لە خوێنماندا

دەژی، لە دەمارماندا پەل دەهاوێ، لە ڕەگی منداڵەکانماندا نەش و نما دەکاتەوە..

دەرسی موتڵەق، دەرسی دەرسان، دەرسی کۆتایی، کە لە ڕووداوەکانی ئێستا، لە پەیدابوون و درووست بوون و زەبەلاح بوونی عەزیای بەعسی- صەددامی. دەبێ فێری بین ئەوەیە:

پێویستە هەموو هۆو هۆکارەکانی، هەموو سەرەتاو زەمینەکانی، هەموو شێوەو دیاردەکانی، هەموو بیرو بۆ چوونەکانی فاشیزم لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشین...

بەڵام فاشیزم چییە؟ چۆنە؟

ئایا فاشیزم تەنیا صەددامە، بەعسە، دەزگاکانی ئەمن و ئیستیخباراتە؟!

ئایا فاشیزم تەنیا کوشتن و بڕین و وێران کردنە؟ بەڵێ.

ئەمانە بەرهەم و شێوەی جیا جیا و توندو تیژو ئێکستریمی فاشیزمن.. بەڵام فاشیزم لەمانە فراوانترە.

فاشیزم مانای ئامادەیی یە بۆ سەرکوت کردنی مرۆڤانی تر، گرتنیان، چەوساندنەوەیان، کوشتنیان، لەبەر ئەوەی بیرو ئاواتی تایبەتی خۆیان هەیە، خەون و خواستی خۆیان هەیە، گۆرانی و ئاوازی دەروونی خۆیان هەیە.

لەبەر ئەوەی دەیانەوێ خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن ڕێژیان و شێوەژیان و پاشەڕۆژی خۆیان بڕیار بدەن، لەبەر ئەوەی دەیانەوێ ئازاد بژین، یەکسان بژین خاوەن ماف بژین..

کەوایە فاشیزم لەو کاتەوە دەست پێ دەکا، کە هەر کەسێك، گرۆیەك، حیزبێك، چینێك، نەتەوەیەك، ئازادی کەسان و گرۆو کۆمەڵانی دی زەوت دەکاو لە مافی سروشتی بڕیاردانی شێوەژیان و ڕێکخستن و بڕیاردانی پاشەڕۆژیان بێ بەشیان دەکا..

جا ئەم (ئازادی زەوت کردنە) هەرچەند سادەو ساکارو سەرەتایش بێ، خۆی لەخۆیدا ڕەگی فاشیزمە، گەورە دەبێ: لەخوێنا، لەوشەو بیردا، لەهەڵس و کەوتدا، لەسیاسەتدا.. و  هەر کاتێ (حوکمی کەوتە دەست) دەبێتە عەزیا

مرۆڤ هەڵڵوشەکە، دەبێتە مومارەسە صەددامییەکە، دەبێتە یاسای کوشتن و بڕین و وێران کردن کە هیچ کەس نابوێرێ..

تەنانەت ئەوانەش کە دەبنە چنگ و نینۆکی فاشیزم، کە دەبنە قاعیدەو داردەستی فاشیزم، کە دەبنە فاشییەت خۆی: ناتوانن نەبنە قوربانی فاشییەت.

بۆیە ئەوانەی کە لەبەر هەر هۆیەك بێ، لەهەر کات و قۆناغێکدا بێ، چاو لە فاشیزم، لە تاوانەکانی فاشیزم دەنوقێنن، چونکە ئەوان، بەرژەوەندی ئەوان، منالّی ئەوان، گوندۆکەو شارۆچکەو شاری ئەوان.. ناگرێتەوە.. ئەوانە وەك خوێن و وێرانکاری ئەمڕۆی عێراق نیشانی دەدا بە هەڵەدا چوون هەڵەکەش کوشندەیە.. هەڵەی کوێرێکە کە بەرەو تەلانێکی رووەو دۆزەخدا هەڵدەخزێ.

بەڵێ: دوێنێ کوردستان وێران دەکرا، منالّی کورد ژەهرەقڕان دەکرا، ئاوارە دەکرا، بێ باب و داك دەکرا، دەفرۆشرا، لە بیابانە دوورەکان، بیابانە گڕاوییە دۆزەخیەکان، دەبرژێندرا. کەچی بەرەی خاوەن هێز، بەرەی نەتەوەی سەردەست، بەرەی خاوەن بەرژەوەندی کاتیی: موچوڕکێکی مرۆڤانە یان بە لەشدا نەدەهات، مزقاڵێك هەستی تاوانباری دڵیانی نەدەسمی، قەدی ژیانی ئاسایی خۆیان نەدەشکاند، وەك هیچ رووی نەدابێ، وەك ئەوانەی مردبن نەمردبن، یان ئەوانەی مردبن و وەك جەڵەب رامالّرا بن، حەیوان بن و لە حەیوان کەمتر بن.

تەنانەت ئەوانەی گوایە دوژمنی صەددامیشن، لە موعارەزەن، لەکاتێکدا دوو رووانە کارەکانی صەددامیان بە تاوان دادەن، خۆیان لەو بیرو بۆ چوونە، لەو رەگی فاشیزمە، دانەدەبڕی کە زەمینە و سەرتاو چووزەرەی ئەو کارە فاشیانە: واتە نکولی کردن لە ئازادی مرۆڤی کورد، لە مافی نەتەوەی کوردستان کە خۆی ئازادانە، بە خواستی ئازادانەی خۆی، بڕیاری رێژیان و شێوە ژیان و پاشە رۆژی خۆی بدا.

ئەوانە ئەوساش و ئێستاش لەو بیرە فاشیە دەرباز نەبوون کە کورد بە خاوەنی خاکی خۆی نازانێ و ملّك و مالّ و کەرامەتی دەخاتە ژێر رەحمی داگیرکردن و داگیرکارییەوە.

هەر لەبەر ئەم هۆیانە، ئێستا بێ گومان، زۆر کورد هەن، گەر بەم رووداوانەی ئێستا شاگەشکەش نەبن، خەمی پێ ناخۆن!

هەستدەکەن کە ئەوەی لە گۆڕێیە ( تۆڵە) یە..

بەهەر شێوەیەك بێ جۆرێکە لە (تۆڵە)

کوژەران، دەکوژرێن

وێرانکەر وێران دەکرێ..

ئەو شارو دێهاتانەی بێ باکانە سەیری وێرانکاری شارو دێهاتی کوردیان دەکرد، خۆشیان تام و چێژو لەزەتی میوانداریێتی ساروخ و بۆمبا دەکەن؟

گەرچی هێشتا بۆن و بەرامەو عەتری خەردەل و سیناید و تابوونیان هەڵنەمژیوە؟

هێشتا هەوری هەڵەبجەیی نەبۆتە گوارەی ئاسمانە سامالەکانیان؟

هێشتا سەمای لە رەگ هەڵکێشان و لە ژیان دابڕانیان بە نسیب نەبووە؟

= چش= چش- بۆتە فەلسەفەی رەشبینانەی ئەو رەشبینانەی بەراستی لە رەش بەولاوە هیچ نەمایەوە ببینن؟

دەسا لە مردن رەشتر هەیە؟

دەسا لەو دیوی مردنەوە چ رووناکەیی یەك، چ هیوایەك، چ دادێك بەدی دەکرێ؟

دەسا لەو دیو بناغەوە بەردێك دەمێنێ؟ لەو دیو ڕەگەوە ریشەیەك شین دەبێتەوە؟

دەسا لەناو ژەهرا هەناسەیەکی پاك دەژێتەوە؟!

گەرچی- حوکمی مێژوو- و لە روانگەی بێ بنی کاتەوە- ئەم هەڵوێستانە کورت بینانەن بەڵام-

وجودییانەش سەیر بکەین، کورتیی ژیان لەمە پتر بڕ ناکا، لە دوای مەرگی کۆرپەکانت، قڕانی خێزان و دێ و شارەکەت، چت بۆ دەمێنێتەوە؟

لەناخی بێ دەسەڵاتییەکی موتڵەقا، بێ دەسەڵاتی نەبوونی هیچ جۆرە ئیختییارێك بە غەیری مردنی بێ هوودە، لە عاست دەسەڵاتی موتڵەقی

تەکنۆلۆژیا و هێزی مەرگ بارێن دا، چ جۆرە گورو کلێپەیەکی ژیان بە نادامرکاوی دەمێنێتەوە؟!

لەم حاڵەتەدا، جگە لە هیوای ئەوەی هێزەکانی مەرگ لەناو خۆیاندا بەگژ یەکدا بێن و بەشکا لەو نێوەدا، ژیان ئاهێکی بێتەوە بەر، دەرفەتێك بۆ نەوەی نوێ برەخسێ، چ هیوایەکی دی راست پێکراو واقیعی یە؟!.

بەهەر حاڵ، مەبەست ئەوەیە بڵێین ئەو گرۆیەی بە ناچاری، تووشبوونی ئێستای عێراق، ئارامیان دەداتێ نەك بێ ئارامی، ئەوانە، هەڵوێستەکەیان هەر چەند ناعەقڵی و نابەجێش بێ پاکانەو مەنتیقی سایکۆلۆژی خۆیان هەیە..

بەڵام ئەمە هیچ جۆرە فەرامۆشییەك بە هۆش نابەخشێ.

بەپێچەوانەوە داخەکە، ئازارەکە، رەش بینییەکە دووقات و دەقات دەکات.

- خواکانی مەرگ و وێرانکاری، ئەمریکی و بەریتانی، بۆ خاتری سزادانی صەددام و رزگاری قوربانییەکانی عێراق کاول ناکەن. ئەوانەش ئەوەی بەبیریاندا نەیا: مەرگی منداڵی ساوایە لەبرسان، یان بوونی بە پارووەیەك بۆ بۆمبا زەبەلاحەکان.

کە سەیری رەفتارو کرداری ئەو ( خوایانەی دنیای ئازاد) دەکەم، کارەساتەکە زۆر جەرگبڕانەتر دەبینم لەو پەندە فارسییەی دەڵێ:

سوارێ بەرخێکی لە گورگێ ستاند

خۆی سەری بڕی گۆشتەکەی برژاند

چزەی گۆشت دەیوت بەدادو هاوار

ئەگەر هەر بم خۆن چ گورگ و چ سوار

مەسەلەکە زۆر لەمە بەدەرترە!

گورگەکەش هەر بەخێوکراوو راهێنراوی (سوارەکە) بوو..

کەرەسەکانی جەزرەبە دان و مردن و مەرگی بە کۆمەڵی: لە ئەڵقەی زنجیرەوە تا جیهازی ئەلکترۆنی، تا ناپاڵم و فسفۆرو ژەهرو ژەهر: کووتاڵ و دیاری ئەو مەرگ فرۆشانە بوون.

وەك فرانكشتاین، صەددام درووست كرا..

بەڵام پاكانە كردن بۆ هەموو كارەساتەكە بەم بەهانەو بەڵگەیە، نیشانەی نوقسانی مێشكە، نیشانەی كەم برِی و كورت مەودایی هۆش و بیرە، نیشانەی تەنگوچەڵەمەی عەقڵە، كە دنیای ئیسلامەتی و كەلتووورە خێلەكی و دینییەكەی، بەدەستییەوە گرفتار بووە.

كەلتوورێك، دینێك، ویژدانێك، كۆمەڵگایەك بێ باكانە بروانێتە قەلاچۆكردنی نەتەوەیەكی (ئیسلام) بە درندانەترین ، نامەردانەترین و نابەرابەرترین شێوەو نووقەی نارِەزایی لێوە نەیا..

كەلتووروووین و ویژدان و كۆمەڵێكی (مردوون)..

لەناخەوە رزیوو داتەپیون و هەر میكرۆبێك، هەر هێزێكی بێگانە دەتوانێ بە ئاسانی دایوەشێنێ و بیتەپێنێ...

وڵاتانی عەرەب، 22 وڵاتی زل و زەبەلاح، 22 وڵاتی خاوەن ئاڵاو سووپاو دەوڵەت و سامان، مەردانە ماناو مەبەستی (یەكێتی عەرەبی) یان بەدی هێنا..

مەردانە هاوپەیمانێتی و هاودەنگی و پاڵپشت بوونی یەكتریان بەدی هێنا..

هەموویان دژی كورد وەستان.

هەموویان- بەرِێكخراوی فەلەستینیشەوە- گوتیان هەڵەبجە شتی وا نەبووەو درۆیەو پیلانە دژی عێراق.

هەموویان نەیان هێشت خەڵك لە وڵاتانی عەرەبی لە هەڵەبشیمای كوردستان ئاگادار بێ.

نووسەرو رووناكبیران و یاسازان و هەق خوازەكانی عەرەب: قەڵەم و زمانیان بۆ دیفاع لە ( عێراقی عروبە) و باڵی رۆژهەلاتی ( دنیای عەرەب) تیژو لووس كرد.

كەس نەیگوت: هەق، داد، ئیسلام، مرۆڤایەتی، ویژدان..

هەموویان كە كۆنگرەی پاریس دەربارەی ( مافی مرۆڤی كوردو هەویێتی نەتەوەیی) كورد بەسترا، یەكسەر نارِەزایی یان بەرامبەر فەرەنسا دەربرِی.

سەفیرەکانیان وتیان: ئەمە هەرەشە بۆ هەموو عەرەب و یەکێتی عەرەب درووست دەکا.

ئەمە جیاوازی لە نێوان ( هاووڵاتی عەرەب) دەنێتەوە کە ( مرۆڤایەتی عەرەب)!

بە شێوەی یەکسان سەیریان دەکا!

( واتە کوردیشییان بە هاووڵاتی عەرەب دانا).

ئێستاش هەر هەمان دەوڵەت و خەڵك و رۆژنامەنووس و نووسەرو رووناکبیرو..هتد

پێوەندییەك لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا نابینین!

پێوەندییەك لە نێوان وێرانکردنی صەددام بۆ کوردستان و بە وێران دانی صەددام بۆ بەغدا نابینین؟

ئەوانە هەر باسی نەتەوەی عەرەب و هەڕەشەی رۆژاوا بۆسەر نەتەوەی عەرەب و ئیسلام دەکەن!

هەروەك ئەوانەی خاکی خۆیان بۆ بەخۆ گرتنی سووپای ئەمریکاو کردنی بە بنکەیەك بۆ شاڵاوی وێران کردنی عێراق تەرخان کردووە عەرەب و ئیسلام نەبن!

ئەوانە تەنیا باسی تەماعی رۆژاوا لە نەوتی خەلیج دەکەن.

بەڵام ئەوە فەرامۆش دەکەن کە بۆ ئەنجام دانی ئەو تەماعە مێژوویی یەی رۆژاوا کۆمەڵی هەلو مەرج بابەتی و بەهانەی راستەو خۆ پێویستی بوون.

درووست کردنی صەددام و لە حزەی کوێت پێویست بوون.

ئەوان، گومڕایانە، یان مێشك کوێرانە ئەوە فەرامۆش دەکەن، کە پشتگیری ئەوان بۆ صەددام، بە دراوو بە درۆ.. کە چاوپۆشی کردنی ئەوان لە تاوانەکانی عێراق دەرهەق مرۆڤی کورد، بەشدارییەکی کاریگەر بوو لە درووست کردنی ( لەحزەی کوێت) و ئەو کارەساتەی ئەمڕۆ دوو چاری عەرەب و عێراق بووە..

ئەمڕۆش، ئێستاش، بازدان بۆ ئەنجامەکەو کردنی بە هۆو، لەبیر بردنەوەی هۆو هۆکارەکان، هێشتنەوەی ماك و ناوك و ڕەگی فاشیزم لە ڕەفتارو بیردا، تەنیا زامنی شۆڕبوونەوەی زیاترو زیاتر بۆناخی دۆزەخەکەیە.

پاك کردنەوەی کۆمەڵ و کەلتوور بیر لە میکرۆبی فاشیزم، لە گەرای بیری گەندەڵ، لە ستەمی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، لەتەوق و کۆتەکانی کۆیلە کردنی مرۆڤ و هۆش و بیری ئازاد.

ئەمە دەبێ ببێتە سەرەتای نوێ، ئەگینا هەرگیز هیچ سەرەتایەك درووست نابێ و لەناو قەدی دۆزەخە مێژوویی یەکەی هەرەس هێنان و تێشکان و خۆ خواردن و خۆ بە خواردن دان، هەر گینگڵ دەخۆین و گینگڵ دەخۆین،

نە کورد، نە عەرەب، نە فارس:

بە ئاکامێك ناگەین.

هەشت ساڵ شەڕی نێوان عێراق و ئێران ئاکامی چی بوو؟

25 ساڵ خەباتی فەلەستینییەکان بەچی گەیشت

پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانستیی و شارستانیی و تەکنۆلۆژیی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە چ ئاستێك دایە؟!

ماف و کەرامەتی مرۆڤ، لەهەر وڵاتێکی ئیسلامیدا، تا چەند پارێزراوە؟!.. هتد. هتد

ئێمە وەك کورد، هەقمانەو ئەرکی مێژوویی یانەو هۆشمەندانەی سەرشانمانە بە ئاشکرا، بەشێوەیەکی سروشتی حەقیقەتی مەسەلەکەی خۆمان بخەینە ڕوو:

مەسەلەی کورد مەسەلەی باوەڕهێنان بەمافی مرۆڤی کوردە بە ئازادیی لە خاکەکەیدا بژی.. بە ئازادیی زمان و کەلتوورەکەی پەرە پێ بدا- بە ئازادی ڕێژیان و شێوەژیان و پاشە ڕۆژی خۆی دیاری بکا..

هەر هێزێك- دەستەیەك، لایەنێك، حیزبێك، کەسێك، دەوڵەتێك، نکوولی لەمە بکاو دانی پێدا نەنێ: بیەوێ نەیەوێ، فاشیزم لە خوێنیا دەژی.

بیەوێ نەیەوێ: خزمایەتییەکی نزیکی خوێنیی لەگەڵ صەددام دا هەیە..

بیەوێ و نەیەوێ: صەددامێکە لە دەرەوەی حوکم یان پێش گەیشتنی بە قۆناغی پێگەیشتن و بەکارکەوتنی صەددامێتییەکەی.

خۆ ئەگەر ئەم دارشتنەی مەسەلەکە جۆرە گشتی کردنێکی تێدا بێ و چوارچێوە سیاسییەکە بە نادیاری بهێلیتەوە..

ئەوا سەلماندنی ئەو سەرەتایە گشتییە وەك باوەڕو بۆ چوون، خۆی لە خۆیدا، مەرجی گرنگی تێگەیشتنی مەسەلەکەو گەیشتنە بە چارەسەری زانستی-

ئازادیی مرۆڤ، گرۆ، کۆمەڵ، نەتەوەیەك.. بەهیچ جۆرێ مانای دژایەتی، ناحەزایەتی مرۆڤان و گرۆو گەلانی دی نییە.

بەڵکو قبووڵ کردنی (نا ئازادیی) زامن کردنی نا ئازادییە بۆ نەتەوەی سەردەست و بن دەست.

ژیانی ئازادانە مەرجی ئاشتی و پێکەوەژیانی ئاشتی خوازانەیە.

ئاشتیش، ئاشتی و ئاسایشی درێژخایەن، مەرجی سەرەکی پێشکەوتن درووست کردنی کۆمەڵگای نوێیە..

ئەمرۆ کورد پێویستە- بە بەرچاو گرتنی هەل و مەرجی بابەتی ئەمڕۆی دنیا بەگشتی و وەزعی تازە درووست بووی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەتی، چارەسەری مەسەلەی کورد لەسەر بنچینەی ( حوکمی فیدرالی- فیدراسۆن) وەك چارەسەرێکی واقعی بێنێتە گۆڕێ.

چەسپاندنی ئەم چارەسەرییە وەك دروشم و تیئۆراندنی و دیفاع لێ کردنی و پەرەپێدانی و سەلماندنی لە هەموو موناسەبەتێکداو هەوڵ دانێکی رێکخراوو بەرنامە کراو بۆ قەناعەت کردن بە کۆمەڵگای جیهانی و ئەو گەلانەی لە گەڵیاندا دەژین کە ئەم چارەسەریە بۆ خزمەتی ئاشتی و ئازادی و دیمۆکراسیەتە، ئەرکێکی خێراو بە پلەی ئەم سات و لەحزەیەی ئێستامانە.

دەزگای ئەو چارەسەرەش پێویستە کراوەبێ.

پێویستە بە وریایی یەوە بڕوانینە هەل و هەرەشەکان.

هەلەکان بەکاربێنین و فراوانتریان بکەین.

لەهەرەشەو مەترسییەکان دوورکەوینەوەو خۆمان نەکەینە بەشێك لەشەڕی هیچ کەس